www.kurdistannet.org
28-4-2006 1:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەمجارەیان کوڕێک دەبێتە قوربانی خۆشەویستیەکەی!! ... تاڤگە سابیر

بیری تەسکی کۆنەپەرستی لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بێت، کارو کردەی خۆی لە دەرونی هەڵگرانی ئەو بیرەدا دەچەسپێت. کاتێک مرۆڤەکان لە ئەروپا بن یان ئەفغانستان، ناتوانن لەو نەریتە بۆگەنە رزگاریان بێت. هەروەک ئەوەی کاتێک کە رۆژنامەی ئێکسپرێس ((expressen ی سویدی ژمارە476265خوێندەوە، هەڵوەستەم کرد لەسەر هەواڵێکی دڵتەزێن، کە بڵاوکرابوویەوە لەسەرکوشتنی کوڕە دڵخوازێکی ئەفغانی لەگەڵ کچێکی هاوولاتیدا. بۆ ماوەی دوو مانگ بوو، ئەم دوو دڵخوازە خۆیان حەشاردابوو لەلایەن دەزگا بەرپرسەکانی سویدەوە. بەڵام بەداخەوە، پاش ئەوەی کەماڵی کچەکە ڕەزامەندی خۆیان نیشان دابوو لەلای دەزگا بەرپرسەکان، بۆ ئەوەی کچەکەیان لەگەڵ عەباس دا بگەڕێنەوە ماڵەوە، بەمەبەستێ لەیەکدیان مارە بکەن بەرێگەی ئاینی. بەڵام ئەمە پلانێکی گەندەڵی بیروباوەڕیان بوو کە سەرئەنجام بە کوشتنی ئەو مرۆڤە هەست ناسکە کۆتایی هات.

پرۆسەی ئەم کارە دژ مرۆڤ و مرۆڤایەتیە بەم شێوەیە بوو. بەگەیشتنە ماڵەوەی ئەو دوو دڵخوازە بەیاوەری پۆلیس، زۆر بەخۆشحاڵیەوە پێشوازیان لێکردن، بۆ ئەوی والەپۆلیسەکان بگەیەنن کەئەمانە مرۆڤ دۆستن و مەبەستیان باشە تائەوێ جێبهێڵن و برۆن. بەڵێ ئەم درندانە قابلمەیەک رۆنی سورەوەکراویان ئامادە کردبوو. برای کچەکە ڕۆنەقرچاوەکی کردوە بە دم وچاوی عەباس دا پاشان بە چەقۆ دەنیشنە سەر کوڕەو پارچە پارچەی دەکەن. لەم کاتەدا کچەکە هانا بۆ پۆلیس دەبات، کاتێک پۆلیس دەگەنە شوێنی ڕووداوە کارلەکار ترازاوە. لەکاتێکدا پۆلیس کارەکانی هەمیشە کارەساتە. بەڵام بەم کارەساتە تووشی بارێکی دەروونی ناجێگیر دەبن.

سوید ئەپریل 2006

